سبەینێ.. بەرشەلۆنە و ریاڵ مەدرید یاری کۆتایی جامی شا ئینجامدەدەن

سبەینێ لە جامی شا بەرشەلۆنە و ریاڵ مەدرید یاری کۆتایی ئینجامدەدەن و براوەی نازناوەکە یەکلادەکەنەوە.

سبەینێ لە یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیا و لە کاتژمێر 11ی شەودا، هەردوو یانی بەرشەلۆنە و ریاڵ مەدرید لە یاری کلاسیکەدا و لە یاریگای لاکارتوخا رووبەووی یەکدەبنەوە.

بەرشەلۆنە کە لە رابردوودا 31 جار بووتە پاڵەوانی جامی شا و ئۆش زۆرترینە لە مێژووی پاڵەوانێتییەکەدا دەیەوێت بە بردنەوەی ئەم یارییە ژمارەی نازناوەکانی زیادبکات.

لە بەرامبەردا ریاڵ مەدرید ئامانجی ئۆیە 21ەمین نازناوی جامی شا لە مێژووی زیدا بەدەستبهێنێت جگە لەوەش تەڵەی دوو شکستکەی لە دوو کلاسیکەی رابردودا لە بەرشەلۆنە بکاتەوە.

یانە کۆتڵەنییەکە لەم وەرزەی جامی شای ئیسپانیا تا ئێستا پێنج یاری ئینجامداوە و چوار بردنەوە و

یەکسانبوونکی هەیە، 18 گۆڵی تەمارکردووە و پێنج گۆڵی لێکراوە، لە بەرامبەردا یانی شاهانە چوار بردنەوە و یەکسانبوونکی هەیە، وە هەروەها 18 گۆڵی کردووە و هەشت گۆڵی لێکراوە.